بانکی ڕەشید بەنرخی فەرمی دۆلار بەگەشتیاران دەفرۆشێت

بانکی ڕەشید ڕایگەیاند، ئەمشەو سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی فرۆشتنی دۆلار بۆ گەشتیارانی کە ئارەزووی کڕینی دۆلاریان بە نرخی فەرمی بانکی ناوەندی هەیە دەکاتەوە.

ئەمڕۆ سەرەمە، بانکی ڕەشید لە ڕاگەیاندراوەکدا ئاماژەی بۆکرد، لە ئەمشەوەوە گەشتیاران دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دۆلار بە نرخی فەرمی بانکی ناوەندی بکڕن.

دەڵێت، ئەم میکانیزمە نوێیە پێویستی بە کڕینی پێشوەختە هەیە و ئەوەش لە ڕێگەی لینکێکەوە ئەنجامدەدرێت کە لە پەڕەی فەرمی بانکەکەدا دانراوە کە مافی ئەوە بە کڕیاران دەدات سەردانی لقەکانی بانکی ڕەشید بکەن و پارە دینارەکانیان بە کاش پێشکەش بکەن و لە بڕامبەردا دۆلار لە ڕێگەی لقی بانکەکە لەناو فڕۆکەخانەی نەوەدوەتی بەغدادا وەربگرنەوە.
باسی لەوەش کرد، ئەم ڕێکارە کڕینی دۆلار بە هاوڵاتیان و گەشتیاران ئاسانتر دەکات و هەوەدەن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست زانیاریەکان تەمار بکەن بە ئەوەی هیچ کێشەیەک لە بەڕەوچوونی پڕۆسەی ئاوگۆڕی دراودا ڕوو نەدات.